د. عەبدولستار تاهیر شەریف وەزیری پێشووی ڕژێم:

شەڕی بەرپرسانی کورد لەسەر کەرکوک تەنها بۆ خۆ دەوڵەمەندکردنە

■ سازدانی: ئاسۆ، بارام

لەگفتوگۆیەکدا لەگەڵ ئاوێنە، کەسایەتی ناسراوو وەزیری ئەشغاڵی سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکرو مامۆستای خانەشین د.عەبدولستار تاهیر شەریف لەسەر بارودۆخی کەرکوکو تێڕوانینی خۆی لەسەر سەرانی بەعسو ئایندەی ئەو شارە باس دەکات. ئەمەش دەقی گفتوگۆکەیە.

ئاوێنە: کێ بەرپرسە لەجێبەجێنەکردنی ماددەی ١٤٠دا؟

د.عەبدولستار: ماددەی ١٤٠ پەیوەندی بە سێ لایەنی سەرەکییەوە هەیە، ئەوانیش کوردو عێراقو ئەمەریکایە. وەکو سەرکردایەتی کورد، پێموایە نە بۆ ماددەی ٥٨و نە بۆ ١٤٠و نە بۆ قەزیەی کەرکوکیش بەجدی کاریان نەکردوە. ئەمەش جاری یەکەم نیە کە ئێمە دەیدۆڕێنین؛ لەهەموو مفاوەزاتەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقی لەشەستەکانەوە تائێستا، کێشەی کەرکوک هەر دواخراوەو، کێشەی سەرەکی کە گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانە، هێشتمانەوە بۆ دوایی، لەکاتێکدا کورد لەسەرەتای داگیرکردنی عێراقدا دەیتوانی بە ئاسانتر داواکانی خۆی لەسەر ئەمەریکاو عێراق فەرزیکاتو ئەو کێشەیە یەکلایی بکاتەوە.

ئاوێنە: وەکو لەنزیکەوە ئاگاداریت، بۆچی کورد وەکو دەڵێیت لەمفاوەزاتەکاندا دۆڕاوە، ئایا بەرنامەی نەبووە، یاخود نەیتوانیوە داکۆکی لەبۆچونەکانی خۆی بکات؟

د.عەبدولستار: تائێستاش لەو بڕوایەدا نیم کورد بەرنامەی هەبێت، ئەگەر هەیەتی کوا؟ لەئێستادا کە کەرکوک ئەسڵی مەسەلەکەیە، کوا بەرنامەی کورد؟ لەکاتی ڕێکەوتنامەی ئازاردا، سەدام داوای لەمەلا مستەفا کرد کەرکوک بکەنە دوو بەشەوەو خاسە سنوری نێوانیان بێت، بەڵام بارزانی وتی «شاری کوردان ناکەمە دوو بەشەوە، تۆ بەردەکەت داوە بەمنو ئەوتەکەش بۆ خۆت، بۆیە من شەڕ لەسەر کەرکوک دەکەم». بەفیعلی شەڕیشی لەسەرکرد.

چوار مانگ بەر لەتەواوبوونی کاتی ماددەی ١٤٠، لەسەر داوای خۆی چوومە لای (هاوارد کیگن) کونسڵی ئەمەریکا لەکەرکوک. لەکۆتایی دانیشتنەکەدا پێیوتم: «بۆچی مام جەلال کارتی سەوزی داوە بەمالکی بۆ دواخستنی ماددەی ١٤٠؟» منیش ئەوەم بەلاوە سەیربوو! بۆیە وتم ئەگەر مام جەلال لەبەرامبەر گەڕانەوەی قەزاوناحیەکانی کەرکوکدا ئەو کارەی کردبێت زۆرباشە، چونکە ئەگەر ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە، ئەوا دەبینە زۆرینەی ڕەهاو دەتوانین کەرکوک ببینەوە. بەپێی سیستەمە دیموکراسیەکانیش ئەگەر هەڵبژاردن بکرێت، ئەوا سەرکەوتوو دەبین. بەپێچەوانەوە ئەگەر ١٤٠ نەک بۆ شەش مانگ، بۆ ساڵێکی تریش درێژ بکرێتەوە هیچ سوودێکی نابێت.

ئاوێنە: بەو پێیەی ماوەیەکی زۆر لەدەسەڵاتی ناوەنددا بوویت، پێتوایە بەردەوام حکومەتی ناوەندیی لەکاتی لاوازیدا کورد بەکاردەهێنیتو لەبەهێزیشدا پشتی تێدەکات؟

د.عەبدولستار: ماوەی ٢٥ ساڵ لەگەڵ عەرەبدا کارم کردووە، نەک شۆڤینەکانیان، تەنانەت ڕوناکبیرانو شیوعیەکانیشیان کە دێتە سەر باسی کەرکوک بێدەنگ دەبنو دژی کوردستانیبوونی کەرکوک دەوەستنەوە. هەرکاتێک دەسەڵاتی ناوەند بەهێز بێت، مومکین نیە دان بەکوردستانیبوونی کەرکوکدا بنێت. کێشەی ئێمەش لەگەڵ عەرەبدا ئەوەیە، ئەوان تا ئێستا سلێمانیش بەکوردستان نازانزو دەڵێن عێراق بەشێکە لەئوممەی عەرەبی. تۆ بزانە هەر بۆ نمونە لەسەر گۆڕپێنی ئالای عێراق، کە پێشتر خۆشیان دژی بوون، چیمان پێدەکەن!

ئاوێنە: تۆ ئەمەریکات بە لایەنی سێیەم ناوبرد، پرۆژەو بەرنامەی ئەوان بۆ کێشەی کەرکوک چیە؟

د.عەبدولستار: ئەمەریکا بەرلەهاتنیو دوای ئەوەش کۆمەڵێک شتی بۆکردوین. ئەوەش ئامارەیەکە بۆ ئەوەی ئێمە بەشێکین لەبەرنامەی ئەوان. بەڵام ئەمەریکا خاوەنی بەرنامەیەو پەلەشی تیاناکات، چونکە بەرژەوەندیو پەیوەندییە هەرێمایەتیو نێودەوڵەتیەکانی لەبەرچاودەگرێت. بە کونسڵی ئەمەریکام وت لەناو کوردا دەوترێت «پشیلە ئەگەر لەسوچێکدا حەسری بکەی، پەلامارت دەدات»، ڕەنگە ئەگەر ئێمە حەسریکەن ناچاربین پەلامارتان بدەین. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بە ئاشتیانە کەرکوک وەربگرینەوەو سەزکردەکانمان بەرچاو ڕوون بن لەبەرامبەر ئەمەریکادا.

ئاوێنە: ڕۆڵی ئەتەوەیەکگرتووەکان چۆن دەبینیت، ئایا دەتوانن چی بۆ کەرکوک بکەن؟

د.عەبدولستار: ئەگەر کەرکوک بچێتە ئەتەوەیەکگرتوەکان، لەکێشەی فەلەستینو قوبرس باشتر نابێت، ئەگەر ١٤٠ بدرێتە UN، مانای فەوتاندنو درێژکردنەوەی کێشەی کەرکوک. ئەوکاتە پێدەچێت ئەوەکانی دوای ئێمە چارەسەرەکەی ببینن. دەبێت لەگەڵ تورکمانەکان کە بەرژەوەندیمان هاوبەشە، کاربکەین بۆئەوەی ١٤٠ ئەبرێتە UN، بۆیە ناڵێم عەرەب چونکە ئومێدم زۆر لاوازە پێیان.

ئاوێنە: سەرکردایەتی کورد لەماوەی ڕابردوودا، چی بۆ کەرکووک کردووە؟

د.عەبدولستار: نەک شت بۆ کەرکوک، بەڵکو ئەوەی لەکەرکوکیشدابوو بردیان بۆ ئاوەدانکردنەوەی سلێمانیو هەولێرو فرۆکەخانەیان پێ دروستکرد.

ئاوێنە: لەئێستادا پارتیو یەکێتی کامیان لە کەرکووک باڵادەستن؟

د.عەبدولستار: لەم ساڵەی ئەخیردا پارتی بەهێزتر بووە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی بەرپرسانی یەکێتی زۆر بایەخیان بەخەڵکی ئێرە نەدەدا. بۆنمونە لەسەرەتای پرۆسەکەدا کۆمەڵێک کەسایەتی کورد چوون بۆ لای فەرەیدون عەبدولقادر؛ بەڵام پێشوازی لێ نەکردبوون، تەنانەت ئێستاش بەرپرسانی کەرکوک سەردانی پێشمەرگە دێرینەکانو ئەو کەسانە ناکەن کە لەڕابردوودا خزمەتیان کردووە. من بۆخۆم سەدان کەسم لەئیعدام ڕزگار کردووە، بەڵام تائەمڕۆ لەخانویەکی کرێداموو یەک ئەندامی سەرکردایەتی نەهاتووە بۆ لام.

ئاوێنە: پەراوێزخستنی تۆ ناگەڕێتەوە بۆئەوەی، تۆ لەسەرەتادا سەر (بەباڵی مەکتەب سیاسی پارتی) بوویت، بەڵام پاشتر وازت هێناو چویتە لای عەرەبەکانو بەشداریتکرد لەحکومەتی ناوەندیدا؟

د.عەبدولستار: بریا ئەوە بووایە، چونکە من لەگەڵ مام جەلال پارتی شۆڕشگێڕی کوردستانمان دامەزراند، دواتر داوام لێکرد حەلی نەکرد. حیزبەکەشمان فیکری بوو، نەک چەکدار. من قەیناکە بەڵام بۆ سەر لەوانە نادەن لەسەرکردایەتیو وەزیرەکان کە فایلەکانیان ئاشکرابوو. کاک کۆسرەت بەمنی وت: «تەنها تۆ فایلت نەبووە»، منیش وتم: لێرەوە چومەتە بەغداو بومە وەزیر، یەعنی ببمە موخابەراتی سیەدام؟! بەرپرس هەیە بە نامەی موخابەرات خەڵکی کوشتووە لەبەر ئەوەی پەیوەندییان بە مام جەلالەوە هەبووە. مام جەلال پێنج ملیۆن دیناری لەسەر حیسابی کوردستان بۆ موکرەم تاڵەبانی بڕیوەتەوە، منیش مانگانە تەنها ٧٥٠ هەزار دینارم هەیە.

ئاوێنە: تۆ وەکو نوێنەرێکی ڕەمزیی کورد بوویتە وەزیر، یاخود لەبەرئەوەی بەعسی بوویت؟

د.عەبدولستار: من ڕۆژێک لەڕۆژان نەچوومە ڕیزی بەعسەوە، لەوەشدا تەحەدای هەموو کەسێک دەکەم. من ئەندامی لیژنەی باڵای جەبهە بوومە لەگەڵ کەریم ئەحمەدو عەزیز محەمەددا بووم، تەنانەت ئەگەر زانیبێتمان ئەندامێکی شۆڕشگێڕان بووەتە بەعسی دەرمانکردوەو بۆئەوەش نوسراوم هەیەو داوامانە بە بەعسیش. باوەڕم وایە ئێستاش ئەگەر ئەمەریکا نەبوایە دەبوو وەکو تاریق عەزیز وتی: «دەبێت لەسەر گردەکان گۆرانی بڵێن». کوردستانیش پێشمەرگەو یەکێتیو پارتی ڕزگاری نەکردووە، بەڵکو ئەمەریکا داگیری کردو ئەمانیش قۆستیانەوە.

ئاوێنە: لەکاتێکدا سەرکردەکانی کورد وشەی «ئازادکردن» بەکاردەهێنن، تۆ دەڵێیت «داگیرکردن»، بۆچی؟

د.عەبدولستار: ئەمەریکاو UN دەڵێن داگیرکردن، من بڵێم ئازادکردن؟! ئەمە یاریکردنە بە وشە. تەنانەت بە کونسڵی ئەمەریکام وت: داگیرکەر پێی ناخۆش نەبوو. ئەوەشی دەڵێت ئازادکردن یان لەشەرمەوەیە یان لەنەزانینەوەیە.

ئاوێنە: مەلسەنگاندنت چیە بۆ بەرپرسانی ئیداری ئێستای کەرکوک؟

د.عەبدولستار: ناو ناهێنم، بەڵام دەڵێم مەهزەلە بووە، کەس هەیە وەکیلی (ساجیدە) بوو، ئێستا بەرپرسەو بوختانی بۆ ناکەم. هەندێکی تر لەبەرپرسان ئەمن بوون یان جاش بوون یان کوڕی جاش بوون، ئەوانەش ناتوانن خزمەتی میللەتو کەرکوک بکەن. هەمووشیان لەسەر حیسابی خەڵک دەوڵەمەند بوون. باشترین شت ئەوەیە بڵێین: «ئەمەت لەکوێ بوو؟»».

تەنانەت گوندێکی وەکو شۆراو ناوم ناوە عۆجە، بڕۆ سەیری ئەوێ بکەو وەرە سەیری ڕەحیماواش بکە.

ئاوێنە: کەواتە بەڕای تۆ شەڕی کورد لەسەر ئەوەتو سامانە، نەک کێشەیەکی نەتەوەیی؟

د.عەبدولستار: خەڵکی لەسەرەتای شۆڕشدا بەڕاستی مەبدەئی بوو، لەئێستاشدا کەس شەڕی عەسکەری پێناکرێت، شەڕی سیاسیش تەنها بۆ خۆ دەوڵەمەندکردنە. تۆ یەک ئەندام لق یان مەڵبەندم پێ بڵێ دەوڵەمەند نەبێت، بەرپرسە ئیداریەکانیش هەمووی حیزبیەنو لەنێوان خۆیاندا دابەشیان کردووە. لێرە کوردایەتی ناکرێت.

ئاوێنە: بۆچونێک هەیە پێیوایە سەرۆکی عێراق بۆیە فەرمانی گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان نادات، لەتێکچونی باڵانسی نێوان حیزبەکەیو پارتی دەترسێت؟

د.عەبدولستار: بەپێچەوانەوە، ئەگەر ئەوەبکات شەخسیەتێک بۆخۆیو حیزبەکەی پەیدا دەکات. لەحاڵەتێکیشدا وەکو گریمانەیەک ئەگەر کەرکوک نەگەڕایەوە سەر هەرێم، بەڵام ئەو ناوچانە گەڕابونەوە سەری، ئەوا کورد دەبێتە زۆرینەو هەر براوە دەبین لەهەڵبژاردنەکاندا.

ئاوێنە: هەندێک کەس دەڵێت یەکێتیو پارتی مەبەستیان نەبووە قورسایی خۆیان بخەنە کەرکوکەوە، ئەگەرنا ئەوا بەردەوام دەکرا دوو ئەندام مەکتەب سیاسیان لێرە بوونایە؟

د.عەبدولستار: بەدڵنیایەوە، من دەڵێم ئەگەر ڕێگەیان پێبدرێت حەقە مەکتەبی سیاسی هەردوو حیزبەکە لەکەرکوکدا بێت. سەرکردەکان دەڵێن «کەرکوک دڵو قودسی کوردستانە»، ئەی ئەگەر وایە بۆ کەسیان نایەتو قودسو دڵیان بەرەڵا کردووە؟! ئەگەر ئەندامی مەکتەب سیاسی نەیەتە ئێرە، ئەوا دەبێت بەرپرسی لۆقو مەڵبەند لەئاستی قۆناغەکەدا بن؟

ئاوێنە: بەڵام خۆ لەمانگێکدا ئەوە دووەمین جارە تاڵەبانی دێتە کەرکوک؟

د.عەبدولستار: باوەڕناکەم بەو سەردانانەی بتوانێت گۆڕانکارییەک لەوەزعەکەدا بکات، چونکە کەدێت تەنها لەگەڵ کادێرەکانی خۆیاندا کۆدەبێتەوە، هیچ کام لەوانیش ناتوانێت بەرامبەر بەمام جەلال بەئاشکرا شتێک بڵێن؛ چونکە لەبڕینی موچەکەیان دەترسن.

ئاوێنە: واتا ناتوانن وێنەی ڕاستەقینەی کەرکوک پیشان بدەن؟

د.عەبدولستار: خۆ نایەت لەگەڵ ئێمە دابنیشێ، من پێشنیار دەکەم جەولەیەک بکات بەناوچەکانی شوانو شێخ بزێنیو ساڵەییدا، تابزانێت چەندێک زەوی ئاوەدان کراوەتەوەو چی بۆ فەلاح کراوە؛ بابچێت بەناو ئەو خەڵکە هەژارەدا بگەڕێتو بزانێت ئەوان چی دەڵێن.

ئاوێنە: چوونی وەفدێکی تورکمان بۆ تورکیا، بەڵگەیەکی ڕوون نیە بۆ دەستێوەردانی وڵاتانی ئیقلیمی لەکەرکوک؟

د.عەبدولستار: خۆی تائێستاش لەدەستوری تورکیا ولایەتی موسڵ (کە دەکاتە هەموو کوردستان)، بە بەشێک لەخاکی تورکیا دانراوە، هەروەها بەرەی تورکمانی شانەیەکی بچووکی میتی تورکیەو هیچ پەیوەندییان بەتورکمانەوە نیە. ئەوکاتەشی کە وەزیر بووم ماوەیەکی زۆر لەتورکیا بووم، چەندجارێک سەرۆکی تورکیاو جێگری سەرۆک وەزیرانم بینی، ئەوان بەئاشکرا دەیانووت کەرکوک بەشێکە لەتورکیا.

ئاوێنە: توانیوتە ڕەخنەو پێشنیارەکانی خۆت بگەیەنی بەسەرکردایەتی کورد؟

د.عەبدولستار: هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ کاک مەسعود نیە، بەڵام چەندجارێک مام جەلالم بینیوەو نامەشم بۆ نوسیوەو پێشنیارەکانی خۆم تیا خستوەتە ڕوو.

ئاوێنە: ئەی چۆن کرایتە نوێنەری مام جەلال لەکەرکوک؟

د.عەبدولستار: من لەزانکۆی سلێمانی وانەم دەوتەوە، مام جەلال بانگیکردمو پێیوتم: تۆ زمانی تورکمانیو عەرەبی دەزانیتو کەسێکی شارەزاو ناسراویت، بڕۆرەوە بۆ کەرکوکو ببە نوێنەری من. هەروەها وتی: دوومۆچەت دەدەینیو پاسەوان بۆخۆت دابین بکەو سەیارەو خانووش بکڕە. بەڵام کە هاتمەوە، مام جەلال وەڵامی تەلەفۆنیشی نەدەدامەوە، منیش چوومە خانویەکو بەپلیکانەدا سەردەکەوتی، بەوهۆیەوە ژنەکەم تووشی فەقەرات بوو، باشبوو خۆم نەقڵی زانکۆی کەرکوک کرد کە موچەکەی نیوەی ئەوەی سلێمانی بوو، ئەگەرنا هیچم نەدەبوو.

ئاوێنە: هۆکاری ئەوە چی بوو؟

د.عەبدولستار: من ڕاوێژکارێک نیم بە هەموو شتێک بڵێم بەڵێ، ئەوە سیفەتی ڕاوێژکاری دیکتاتۆرەکانە. سەبارەت بە ڕەوشی شاری کەرکوک،خۆ مام جەلال دەتوانێت چەند کەسێکی ناسراوی ئەم شارە دیاری بکاتو مانگی جارێک یان شەش مانگ جارێک لەگەڵیدا کۆببێتەوەو وێنەی تەواوی کەرکوکی پیشان بدەن.

ئاوێنە: کەواتە بەبڕوای تۆ پێویستە کوردو یەکێتیو یەکێتیو پارتی ئاشت بکرێنەوە لەگەڵ یەکتر، بەر لەتورکمانو عەرەب؟

د.عەبدولستار: شتێکی زۆر سەیرە، ئەوەندە باسی برایەتی لەگەڵ عەرەب دەکرێت، بەڵام هیچ بۆ ئاوارە قوڕ بەسەرەکان نەکراوە، مام جەلال خۆی کوشتوە بۆ وەحدەی عێراق، لەکاتێکدا ئەوە هیچ سوودی بۆ کورد نیە. بۆیە دەبێت ئەوان بەرلەوەی قسە لەگەڵ لایەنەکانی تر بکەن، ناومالی خۆیان ڕێک بخەنەوە. جەعفەری لەتەلەفزیۆنی کوردییەوە وتی: من هیچ تاوانێکم نیە لەگەنەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان، بەڵام مام جەلال هیچی نەوت. لەهەمووشی سەیرتر ئێستا مام جەلال بەرگری لەسولتان هاشم دەکات کە تاوانبارە بەلەناوبردنی ١٨٢ هەزار کورد. تەنانەت دەڵێت لەگەڵ ئەوەدانیە یەک ئەفسەری عێراقی حوکم بدرێت، یەکێک لێپرسی ئەی عەلی حەسەن مەجید وتی: «ئەو تائیب زابت بووە».

ئاوێنە: خۆت سەرنجت لەسەر سەرکردەکانی بەعس چیە؟

د.عەبدولستار: بەبڕوای من هەموو بەعسییەک لەئەندامی فەرعەوە تا گەورەترینی دەستی سورە بەخوێنی کورد، بۆیە دەبێت بدرێتە دادگاو حوکمەکەش جێبەجێ بکرێت. بەڕەئی من ئەوەی بەعەقیدەو ئەفکار بووەتە بەعسی، نەک لەترسی موچەبڕینی، دەبێت لەخانەی دوژمنی کوردی بزانین.

ئاوێنە: لەگەڵ ئیعدامکردنی سەدامدا بوویت، یان دەبوو لەسەر ئەنفال ئیعدام بکرێت؟

د.عەبدولستار: ئەگەر ئیعدام نەکرایە، کێشەی گەورەمان بۆ دروست دەبوو ڕەنگە مام جەلال ڕازی نەبوایە. باشبوو مالکی زوو ئیعدامی کردو پرسی بەکەس نەکرد، بەنەمانی سەدام خەتەری گەڕانەوەی بەعسیش نەما.

ئاوێنە: وەکو کەسێک کە چەندجارێک سەدامت بینیوە، دەوترێت سەدام لەژێر فشاری نێودەوڵەتیدا زۆر کاری دەکرد نەک بەبۆچونی خۆی؟

د.عەبدولستار: بۆ وەڵامی ئەمە پشت بەلێکۆڵینەوەیەکی زانکۆی هارڤار دەبەستم لەسەر سەدام، بۆیان دەرکەوت سێ نیشانەی بەهێزی تیایە ئەوانیش «هەموو گومانێک لای ئە یەقینە، ئەگەر دوژمنێکی نەبێت، خۆی دوژمنێک دروستدەکات، خۆی زۆر لە گەورەیە». ناڵێم ئەمەریکا پێینەکرد بەڵام ئەمەریکای بەکارهێنا بۆ گەیشتن بەئامانجەکانیو دواتر پشتی لێکرد.

ئاوێنە: ئایا لەم پێنج مانگەدا، ٤٠ جێبەجێ دەکرێت؟

د.عەبدولستار: نەخێر بەساڵێک تریش جێبەجێ نابێت، ئەگەر خاوەنی بەرنامەیەک نەبینو سورنەبین لەسەری، بۆنمونە مام جەلال جارێک ڕێکەوتنامەی جەزائیری ڕەتکردەوەو دوایی دانی پێدانا لەکاتێکدا ئەوە دەزانێت ڕێکەوتنی نێودەوڵەتیەکان یان هەموو ڕەتدەکرێتەوە یان قبوڵدەکرێت هەروەها مام جەلالو کاک مەسعود ڕاپرسیان ڕەتکردەوەو پاش بانگکردنیان ڕازی بوون لەسەری ڕەنگە ٤٠یش بەهەمان دەرد بچێت.

ئاوێنە: ئایا ئاسۆیەک هەیە ئەگەر ڕانەوەی کورد، یاخود دەتوانین بڵێین کەرکوکمان دۆڕاند؟

د.عەبدولستار: گەڕانەوەی کەرکوک بەخەون نازانم، چونکە کورد نەتەوەیەکی تێکۆشەرەو ماوەیەکی درێژمان لەبەردەستدایە، ئەگەر ئەمانیش بیدۆڕێنن گەنجانو نەوەی داهاتوو قبوڵی ناکەن. ئەگەر خۆشبایە بکردایە بەخاوەنی کەرکوک وەکو ئەوەی لەخانەقین کردیان، حەتمەن وەکو ئێستای لێنەدەهات.

د. عەبدولستار تاهیر شەریف

ساڵی ١٩٣٥ لەکەرکوک لەدایکبووە
ماستەرو دکتۆرای لەدەروناسی لەزانکۆی بەغداو موستەنسریە هێناوە
قایمقامی قەزاکانی (کۆیە، کەلار، چەمچەماڵ، عەفەک، خدر، بەعقوبە) بووە.
لە١٩٧٤-١٩٧٧، پۆستی وەزارەتەکانی ئەشغاڵو شارەوانیو گواستنەوەی لەحکومەتی عێراق وەرگرتووە.
سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان بووە لە١٩٧٢-١٩٨٤
ئەندامی ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراق بووە لە١٩٨١-١٩٨٤
مامۆستای خانەنشینە
١٥ کتێبی چاپکراوی هەیە

کورتە هەواڵی کوردستان

گەنجێک تەکسییەک دەڕفێنێت ڕووداوەکانی سووتان:

دهۆک، ئاوێنە: گەنجێکی تەمەن بیستوچوار ساڵ ئوتۆمبیلێکی تەکسی دەفڕێنێتو دواتر پەامنێران: تەمەن ٧ ساڵ بەهۆی ئاوی گەرمەوە لەسەد یەکی جەستەی سووتاوەو ڕۆژی ١/٢٩ لەنەخۆشخانەی ئیمێرجنسی گیانی لەدەستداوە.

دەداتو بریندارى دەکات. هاوڵاتییەکە بەئاوێنەی ڕاگەیاند «چەند جارێک ڕووبەڕووی بەرازەکە بوومەوە، بەڵام پەلاماری داموو بریندارى کردم».

نەریمان عەزیز ڕایگەیاند «ئەو کچە لەڕووی دەروونییەوە تەواو نەبووەو لێکۆڵینەوەش بەردەوامە».